لە گەڕەکەکی شاری سلێمانی بەهۆی کەمی خزمەتگوزاری خێپشاندان ئەنجامدرا

لە سلێمانی پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ دانیشتوانی گەڕەکی موکریان لە سلێمانی، بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزارییەوە وەک (ئاو و ڕێگەوبان) چەند خزمەتگوزارییەکی دیکە گردبوونەوە و ناڕازایەتییان ئەنجامدا.

بەوتەی هاوڵاتیانی نارازی گەڕەکی موکریان، ماوەی چەندین ساڵە لە پرۆژەکانی خزمەتگوزاری بەبەشن و تا ئێستاش لایەنە پەیوەندیدارەکان وەڵامی داواکانیانەوە نەداونەتەوە و کێشەکانیان چارەسەر نەکراوە.

هەروەها ئەوەشیان خستەڕوو کە تائێستا جادە و ڕێگەبانەکانیان بە قیرتاو نەکراوە و پرۆژەی ئاویان نیە و بینای خوێندنگەشیان نییە لەگەڵ چەندین خزمەتگوزاری دیکە.